# پۆلینکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بە پێی بۆچوونی ( یۆخین سیپلیت و هۆندس نۆرشە )


د. حاتم ولیا محمد
زانکۆی سەلاحەدین

د. دلێر صادق کانبی
زانکۆی سۆران

م.ی. دانا تحسین محمد
زانکۆی سەلاحەدین


١. پێشەکی:

**١-١. ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە ناونیشانی ( پۆلینکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی یۆخین سیپلیت و هۆندس نۆرشە)یە.

**١-٢. سنووری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ پۆلینکردنی ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی لەڕووی واتاوە و سەرەتایەکە بۆ ئامادەکردنی تۆڕێکی فەرهەنگیی زمانی کوردی.

**١- ٣. گرفتی توێژینەوەکە:** پۆلینکردنی بەشەکانی ئاخاوتن بەگشتی و ئاوەڵناو بەتایبەتی لە ڕووی واتاوە بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ئامادەکردنی تۆڕی فەرهەنگیی[١] لەهەموو زمانێکدا.

پرسیاری توێژینەوەکە ئەوەیە، کە ئایا ئەم پۆلینکردنانە دەچنە ژێر باری پۆلینکردنێکی واتاییەوە یان نا؟ ئایا پۆلینکردنەکانی پێشوو دەتوانن هەموو ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردیان پێ پۆلینبکرێت یان نا؟ ئایا پۆلینکردنی ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی بەپێی بۆچوونی (سیپلیت - هۆندس نۆرشە) لە پۆلینەکانی پێشوو جیاوازترە یان نا؟ ئایا پۆلینەکەی (سیپلیت - هۆندس نۆرشە) بۆ پۆلینکردنی ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا لەڕووی واتاوە گونجاوە؟ ئەمانە پرسیاری توێژینەوەکەن و توێژینەوەکەش هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

**١-٤. گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی توێژینەوەکە لە گشتگیرییەکەیدایە و زۆربەی هەرە زۆری ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی لەخۆ دەگرێت.

**١-٥. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** نەبوونی پۆلێنێکی گشتگیری واتایی بۆ پۆلێنکردنی ئاوەڵناو لەزمانی کوردیدا هاندەرەی سەرەکیی بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

**١-٦. کەرەستەی خاوی توێژینەوەکە:** سوود لە فەرهەنگە کوردی-کوردی یەکان و ئەو کتێبە ڕێزمانییانەی کە باسی ئاوەڵناویان کردووە لەزمانی کوردیدا و ئاخاوتنی ڕۆژانە وەرگیراون و زاری کرمانجی ناوەڕاست بە بنەما وەرگیراوە بۆ وەرگرتنی کەرستەی خاوی توێژینەوەکە.

**١-٧. ناوەرۆك و ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەگشتی لەپێشەکییەك و چوار تەوەر پێکهاتووە. لەتەوەری یەکەمدا هەوڵدراوە بە شێوەیەك پێناسەی ئاوەڵناو بکرێت کە لەگەڵ چوارچێوەی توێژینەوەکەدا بگونجێت. لەتەوەرەی دووەمدا پێداچوونەوەیەك بۆ کارەکانی پێشوو کراوە. لەتەوەرەی سێیەمدا هەوڵدراوە بەگشتی پۆلینەکەی ئەم دوو زمانەوانە بخرێتە ڕوو. لەتەوەرەی چوارەمیشدا هەوڵدراوە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی (یۆخین سیپلیت و هۆندس نۆرشە) پۆلینبکرێت.لەکۆتایشدا ئەنجام و پێشنیاز خراوەتەڕوو. ڕێبازی توێژینەوەکەش وەسفیی- شیکارییە، توێژینەوەکەش لە ئاستی واتاسازییەوە.

[١] — تۆڕی فەرهەنگی جۆرێکە لە تۆڕیی واتایی و گرنگترین جیاوازیی لەگەڵ فەرهەنگە زمانییە باوەکان، لەوەدایە، کە لە تۆڕی فەرهەنگیدا، لێکسیم بەسەر چوار کاتیگۆریی ناو، کار، ئاوەڵناو و ئاوەڵکاردا دابەش دەبێت و هیچ باسێك لەبارەی کاتیگۆرییە ئەرکییەکانی وەکو جێناو لەئارادا نییە. ئەم تۆڕە ڕەنگدانەوەی میمۆریی لێکسیکیی زەینی مرۆڤە. (عاصی و دیگران:١٣٨٥:١٢٦).

**٢. تەوەری یەکەم/ پێناسەی ئاوەڵناو:**

((ئاوەڵناو: یەکێکە لە پۆلەڕەگەزە سەرکیەکانی زمانی کوردیی، کە لە فۆرمی وشەی بنەڕەتیی (یەك-مۆرفیمیی) یان لە شێوەی پێکهاتوو (خراوەتەکیەك (ناو+ئاوەڵناو) و خراوەپاڵیەك) یشدا دەربکەوێت)).(محمد عبدالفتاح حمەسعید:٢٠١٤:١٠٧-١٠٨).

ئاوەڵناو ئەو کاتیگۆرییە فەرهەنگییەیە،کە ڕوویێك لە ڕووەکانی ناو، بۆ نموونە چیەتیی ناوەکە یا بارێکی ناوەکە ڕووندەکاتەوە و بە چەند شێوەیەکیش پێناسەکراوە لەوانە:((ئاوەڵناو ئەو وشەیەیە کە بەناوەوە گرێدەدرێت بۆ دەربڕینی خاسیەتی شتەکان ،مرۆڤ و گیانلەبەرەکان یان چەمکە دیاریکراوەکان)) (Grevisse :١٩٦٩: ٢٨٥).

بەدەربڕینێکی تر ئاوەڵناو ئەو کاتیگۆرییە(پۆلەڕەگەزەیە) کە چەمکێك دەردەبڕێت و گوزارشت لە لایەنێکی ناوێك، وەکو تام، ڕەفتار، بارستایی، بەها، هەڵسەنگاندن، ئاراستە، شێوە، تایبەتمەندیی لەش... هتد، دەکات.

**٣. تەوەری دووەم/ پێداچوونەوەی کارەکانی پێشوو.**

کۆمەڵێك لە زمانناس و ڕێزماننوسە کوردەکان لەژێر ناونیشانی ئاوەڵناو لەڕووی واتاوە ئاوەڵناویان لە زمانی کوردیدا پۆلینکردووە. لەوانەش:

أ/ تۆفیق وەهبی پێنج جۆر ئاوەڵناوی دەست نیشانکردووە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ئاوەڵناوی چۆنی. ٢- ئاوەڵناوی نیشانی. ٣ئاوەڵناوی ژمارەیی.

٤- ئاوەڵناوی موبهەم. ٥- ئاوەڵناوی پرس.(تۆفیق وەهبی: ١٩٢٩: ٦١-٨١).

ب/ نوری عەلی ئەمینیش ئاوەڵناوی بۆ پێنج جۆر دابەشکردووە:

١- ئاوەڵناوی خەبەری. ٢- ئاوەڵناوی ئیشاری. ٣- ئاوەڵناوی فرمانی.

٤- ئاوەڵناوی چەندی. ٥- ئاوەڵناوی پرسیاری.(نوری عەلی ئەمین:١٩٦٠: ١١١- ١٤١).

پ/ صادق بەهائەدین ئاوەڵناوی بۆ شەش بەش دابەشکردووە:

١- هەڤالناڤێ چەوانیێ. ٢- هەڤالناڤێ هژمارێ. ٣- هەڤالناڤێ نیشانکرنێ. ٤- هەڤالناڤێ ئەرزێ.

٥- هەڤالناڤێ پرسیارێ. ٦- هەڤالناڤێت نەبەن.(صادق بەهائەدین: ١٩٧٦: ١١٢-١٢٧).

ت/ قەناتی کوردۆ و زەرێ یوسوپۆڤا ئاوەڵناویان بەسەر دوو جۆردا دابەشکردووە[١]:

١- ئاوەڵناوی چۆنێتی. ٢- ئاوەڵناوی نیسبی.

ج/ ئەوڕەحمانی حاجی مارف ئاوەڵناوی بەسەر سێ جۆردا دابەش کردووە:

١- ئاوەڵناوی چۆنێتی. ٢- ئاوەڵناوی نیسبی. ٣- ئاوەڵناوی نادیار.( ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٢:٦٣-٧٥).

چ/ محەمەد مەعروف فەتاح بەپێی پۆلێنەکەی(دیکسۆن)، ئاوەڵناوی بەسەر حەوت جۆردا دابەش کردووە:

١- بارستایی. ٢- ڕەنگ. ٣- تایبەتی فیزیکی شت. ٤- تایبەتی کەسی.

٥- خێرایی. ٦- تەمەن. ٧- بەها.( محەمەد مەعروف فەتاح:٢٠١٠:٣٠١).

ح/ (محمد عبدالفتاح حمە سعید)یش وەکو (محەمەد مەعروف فەتاح) ئاوەڵناوەی بەسەر حەوت جۆر دابەش کردووە: ١- بیرو واتای بارستایی. ٢- بیرو واتای ڕەنگ. ٣- بیرو واتای ڕواڵەتی چشت.
٤- بیرو واتای ئاوەزیی لە مرۆڤ و گیانداردا. ٥- بیرو واتای جووڵە. ٦- بیرو واتای تەمەن. ٧- بیرو واتای بەها و نرخ. (محمد عبدالفتاح حمە سعید:٢٠١٤:١٢٧-١٢٩).

---

[١]- (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٢: ٤٩) و(زەرێ یوسوپۆڤا: ٢٠٠٥:٥٠).

ئەگەر سەیری ئەم پۆلینانە بکەین (جگە لە پۆلینەکەی محەمەد مەعروف فەتاح و محمد عبدالفتاح حمە سعید)، بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە هەموویان پۆلینی ڕێزمانین نەك واتایی. بەو واتایەی کە ئاوەڵناوەکان لەسەر بنەمای ڕێزمانی پۆلینکراون و هیچ بنەمایەکی واتایی یا سیمایەکی واتایی بۆ جیاکردنەوەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە لەبەرچاو نەگیراوە.

شایانی باسە پۆلێنەکەی (محەمەد مەعروف فەتاح)، کە لە بنەڕەتدا هەمان پۆلینەکەی (دیکسۆن)ـە، سەرەڕای ئەوەی کە پۆلینێکی واتاییە بەڵام چەند جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو پۆلینەی ئێمەدا هەیە .

١- پۆلێنکردنی ئاوەڵناوەکان بۆ حەوت جۆر وای کردووە کە پۆلینەکە گشتگیر نەبێت و بەشێکی زۆری ئاوەڵناوەکان لەخۆ نەگرێت.

٢- ئەوەی پەیوەستە بە ئاوەڵناوە ڕواڵەتیەکانەوە، لە پۆلینەکەدا دەبینین کۆمەڵێك چەمکی زۆر جیاجیا و بەربڵاوی وەکو: تام، بارستایی، بەها، هەڵسەنگاندن، ئاراستە، شێوە، تایبەتمەندیی لەش، ... لەخۆ دەگرێ. ئەمەش ناڕوونی پۆلێنەکە دەردەبڕێ. هەروەك لە ئاوەڵناوەکانی (ڕەق، نەرم، گەرم، سارد، تاڵ، شیرین، قورس، سووك، گران، هەرزان، ساف، تفت، ڕاست، خوار، لار، لەڕ، لاواز، باش، خراپ، جوان، خۆش، کۆن، نوێ. . . .) دا دەردەکەوێ.

٣- دیکسۆن ئاوەڵناوەکانی  لە سەر بنەمایەکی واتایی یان ئەو جۆرە واتایانەی کە هاوبەشی بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو دەکەن یازدە جۆرە نەك حەوت جۆر وەك ئەوەی کە لە پۆلینەکەی محەممەد مەعرووف فەتاح دا هاتووە.(R.M.W.Dixon:٢٠٠٥: ٨٤-٨٥).

**٤. تەوەری سێیەم/پۆلینکردنی ئاوەڵناو بەپێی بۆچوونی (یۆخین سپلیت و هۆندس نۆرشە).**

فرانز هۆندس نورشە و یۆخین سپلیت (Franz Hundsnurscher, Jochen Splett) دوو زانای ئەڵمانیین، لە ساڵی (١٩٨٢)زاینی بەمەبەستی دروستکردنی تۆڕێکی فەرهەنگیی بۆ ئاوەڵناوەکانی زمانی ئەڵمانی، ئاوەڵناوەکانی زمانی ئەڵمانییان لەڕووی واتاوە پۆلینکردووە بۆ:

١- ئاوەڵناوەی هەستی.
٢- ئاوەڵناوی شوێنی.
٣- ئاوەڵناوی کاتی.
٤- ئاوەڵناوی جووڵە/خێرایی.
٥- ئاوەڵناوی کەلوپەل(کەرەستە).
٦- ئاوەڵناوی جەستەیی.
٧- ئاوەڵناوی ئاسوودەیی دەروونی.
٨- ئاوەڵناوی هۆشەکی(زەینی).
٩- ئاوەڵناوی ڕەفتاریی.
١٠- ئاوەڵناوی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی.
١١- ئاوەڵناوی چەندێتی.
١٢- ئاوەڵناوی پەیوەندیی.
١٣- ئاوەڵناوەی تێپەڕاندن.( Franz Hundsnurscher, Jochen Splett:١٩٨٢:٣٥-٣٧ ).

**٥. تەوەرەی چوارەم/ پۆلینکردنی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی (یۆخین سیپلیت و هۆندس نۆرشە):**

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد چەندین پۆلێنکردنی واتایی بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا ئەنجامدراون، بەڵام هیچکامیان گشتگیر و ڕوون نەبوون و تەنانەت هەندێکیان واتاییش نەبوون. بەواتایەکی تر ناڕوونی و ناگشتگیربوونی پۆلینەکانی پێشوو وای کرد کە ئێمە بیر لە پۆلینێکی تری ئاوەڵناو بکەینەوە کە پێشتر لەزمانی تریشدا پشتڕاستکرابێتەوە و کرابێتە بنەمایەکیش بۆ دانان و ئامادەکردنی تۆڕی فەرهەنگیی ئاوەڵناو لەزماندا، کە بتوانرێ بکرێتە سەرەتایەك بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زمانی کوردی، کە هەموو بەشەکەکانی ئاخاوتن لەخۆبگرێت، ئەمەش بەمەبەستی سوودوەرگرتن لێی بۆ وەرگێڕانی ئامێری.

ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی (سیپلیت و هۆندس نورشە)، دابەشدەکرێن بۆ:

**٥-١. ئاوەڵناوی هەستی:**

ئەمانە ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە کە بەر هەستەکانی مرۆڤ دەکەون و پەیوەستن بە بینین، بیستن، چەشتن، بۆنکردن و دەستلێدان. ئەمانەش خۆیان دەکرێن بە چەند جۆرێکەوە:

١) ڕووناکی: تاریك، ڕۆشن، ڕوون، ڕووناك، ... .

١_ ژوورەکە تاریکە.

٢) ڕەنگ: شین، پەمەیی، سوور، ڕەش، زەرد، سەوز، سپی، قاوەیی، ... .

٢_ کراسێکی شینم کڕی.

٣) دەنگ: بەرز، نزم، بێدەنگ، ... .

٣_ من بە دەنگێکی بەرز وتارەکەم خوێندەوە .

٤_ کاکە بەسە ئیتر بێدەنگ بە.

٤) تام: ترش، بەلەزەت، تاڵ، سوێر، بێلەزەت، شیرین، مزر، مێخۆش، ... .

٥ - هەنارەکە مێخۆشە.

٦_ من پەنیری سوێرم پێخۆشە.

٥) گەرمی: گەرم، سارد، ... .

٧_ لە وەرزی هاویندا کەش و هەوا گەرم دەبێت.

٦) بۆن: بۆگەن، بۆنخۆش، بۆندار، بێبۆن، خۆش، ... .

٨_ چێشتەکە بۆنی خۆشە.

٩- نەوتەکە بێبۆنە.

٧) بەرهەست: دڕ، زبر، لووس، ... .

١٠_ ڕوویەکی زبری هەیە.

١١_ ریشی لوس تاشیبوو.

**٥-٢. ئاوەڵناوی شوێنی:**

ئەو ئاوەڵناوانە لەخۆدەگرێ، کە ئاماژە بە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی شوێن دەکەن. وەك:

٨) ڕەهەند: درێژ، بەرز، سەخت، فراوان، قووڵ، نزم، ... .

١٢_ شوێنێكی فراوان و بەرزە.

١٣_ گۆمەكە قووڵە.

ئەوەی شایانی باسە، ئەوەیە هەندێك ئاوەڵناومان هەیە لە زمانی كوردیدا دەچنە ناو زیاتر لە پۆلێك لەم پۆلینكردنەدا، ئەمەش بۆ فرە واتایی و هاوبێژیی ئەم ئاوەڵناوانە دەگەڕێتەوە.وەك:(بەرز،نزم...هتد).

٩) ئاراستە: چەپ، ڕاست، ... .

١٤_ من زەوییەكەی لای چەپی شەقامەكەم دەوێ.

١٠) هەڵكەوتەی شوێنی: نزیك، دوور، ... .

١٥_ نزیكترین بەنزینخانە لە ئێمە بەنزینخانەی شۆڕشە.

١٦_ ماڵی ئەو لە ماڵی ئێوە دوورترە.

١١) سەرچاوە: بیانی، خۆماڵی، هاوشار، ... .

١٧_ خۆخی خۆماڵی تامی خۆشە.

١٨_ ئازادی هاوشارم بەیەكەم دەرچوو.

١٢) چۆڵی(بەتاڵی) : بەتاڵ، پڕ، چۆڵ... .

١٩_ خانووەكە بەتاڵە.

١٣) شێوە: خڕ، پان، تەخت، لێژ، پەل، ... .

٢٠_ شوێنەكە لێژە؟

٢١_ ژوورەكە چەند پانە؟

**٥- ٣. ئاوەڵناوی كاتی:**

ئەمەش ئەو پۆلە ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە، كە پەیوەستن بەكاتەوە. وەك:

١٤) كات: درەنگ، زوو، ... .

٢٢_ ئێوارانێكی درەنگ بوو،كە چاوم پێكەوت.

٢٣_ هێشتا زووە.

١٥) تەمەن: گەنج، لاو، پیر، مندال، ساوا... .

٢٤_ پیاوێكی پیرم بینی.

٢٥_ تۆ لەمن گەنجتری.

١٦) ئاسایی: ئاسایی، نائاسایی، ... .

٢٦_ شتێكی ئاساییە.

**٥- ٤. ئاوەڵناوی جووڵە(خێرایی):**

ئەم جۆرەشیان تەنیا یەك پۆل ئاوەڵناو لەخۆ دەگرێت، كە چەمكی خێرایی دەگەیەنێت. وەك:

١٧) جووڵە: خێرا، لەسەرخۆ، هێواش، ... .

٢٧_ ڕۆیشتنەكەی لەسەرخۆیە.

**٥- ٥. ئاوەڵناوی كەلوپەل(كەرەستە):**

ئەمانەش ئەو كۆمەڵە ئاوەڵناوانە دەگرنە خۆ، كە ئاماژە بەسیفەتێكی ماددی یا دۆخ و باری كەرەسەكان دەكات. وەك:

١٨) مادده: زێڕین، ئاوریشمی، داری، ئاسنین، ... .

٢٨_ کراسێکی ئاوریشمیم کڕی.

١٩) دۆخ: شل، ڕەق، گازی، ... .

٢٩_ ماددەکە گازییە.

٢٠) پێگەیشتن: کارك، گەییو، پێگەیشتوو، تێکچوو، ... .

٣٠_ مۆزی گەییو مەکڕە.

٣١_ گندۆرەکە هێشتا کارکە.

٢١) تەڕی: وشك، تەڕ، ... .

٣٢_ دوێنێ کە باران باری، هەموو لەشم تەڕ بوو.

٢٢) پاکی: پاك، پیس، خاوێن، ... .

٣٣_ ئاوەکە پیسە.

٣٤_ جلەکانت خاوێنە.

٢٣) کێش: قوڕس، سووك، ... .

٣٥_ ئۆتۆمبێلەکە باری قورسە.

٣٦_ کەلوپەکانی من لەهی تۆ سووکترە.

٢٤) فیزیایی: موگناتیسی، کارەبایی، ... .

٣٧_ ئەم زەوییە سیفەتی موگناتیسی هەیە.

٣٨_ تەسبیحێکی کارەبایم کڕی.

٢٥) پۆلێنکردن: ملدرێژ، ترشاو، ... .

٣٩_ هەویرەکە ترشاوە.

٢٦) ئاووهەوا: باراناوی، فێنك، شێدار، ... .

٤٠_ کەش و هەوای وڵاتی مالیزیا شێدارە.

٤١_ هەوایەکە فێنکە.

**٥-٦. ئاوەڵناوی جەستەیی:**

ئەم پۆلە ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە جەستە و ڕواڵەتی زیندەوەران بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەتی. وەك:

٢٧) ژیان: مردوو، زیندوو، ... .

٤٢_ خواردنی گۆشتی ئاژەڵی مردوو لە ئاینی ئیسلامدا حەرامە.

٢٨) پێکهاتە: بەهێز، یەکگرتوو، ... .

٤٣_ چارلز دیکنز پیاوێکی وردیلە بوو.

٢٩) نەخۆشی و کەموکوڕیی جەستەیی: نەخۆش، کەڕ، کەچەڵ، کوێر، ... .

٤٤_ دوێنێ هەردووکمان نەخۆش بووین.

٣٠) پێویستی: برسی، تێر، ... .

٤٥_ برسیمە.

٣١) سێکس: ئارەزووباز، خۆپارێز، ... .

٤٦_ کەسێکی ئارەزووبازە .

٣٢) ڕواڵەت: جوان، ناشیرین، ... .

٤٧- منداڵێکی جوانە.

٤٨_ ئاژەڵێکی ناشیرینە .

**٥- ٧. ئاوەڵناوی ئاسوودەیی دەروونی:**

ئەو جۆرە ئاوەڵناوانەن، کە پەیوەستن بە لایەنی دەروونییەوە. وەك:

٣٣) دەروونی: ئاسوودە، غەمگین، غەمبار، توڕە، شادومان، نیگەران... .

٤٩_ بە قسەکانی نیگەران مەبە.

٣٤) وروژاندن: بەسۆز، بێزارکەر، ... .

٥٠_ مرۆڤێکی بەسۆزە.

**٥- ٨. ئاوەڵناوی هۆشەکی(زەینی):**

ئەمانەش ئەو ئاوەڵناوانەن، کە پەیوەستن بە لایەنی هۆشەکی مرۆڤەوە. وەك:

٣٥) زیرەکی: زیرەك، وشیار، گێل، .گەمژە.. .

٥١_ مرۆڤە گەمژەکان زوو پیر نابن.

٣٦) زانین: شارەزا، نەشارەزا، ناسراو، ... .

٥٢_ من لە ناو ئەو شارەدا زۆر شارەزام.

٣٧) ڕەنگدانەوەی زمانی: ڕوون، ... .

٥٣_ قسەکانی زۆر ڕوون و ئاشکرا بوون.

**٥- ٩. ئاوەڵناوی ڕەفتاری:**

ئەم پۆلە؛ ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەخۆ، کە دەلالەت لە چەمکێك لە چەمکەکانی کەسایەتی یا هەڵسوکەوت یا پەروەردە یا توانستی لەش... هتد، بکات. وەك:

٣٨) کەسایەتی: ئازا، دڵسۆز، ترسنۆك، ... .

٥٤_ ژنە ئازاکانی کۆبانێ جیهانیان سەرسام کردووە .

٣٩) هەڵسوکەوت: بەڕێز، بێڕێز، میهرەبان، ... .

٥٥_ خودای گەورە زۆر میهرەبانە.

٤٠) پەروەردەیی: قۆشمە، نەرمونیان، ... .

٥٦_ پیاوەکە لە هەڵس و کەوتدا زۆر نەرمونیان بوو.

٤١) توانستی لەش: چالاك، تەمبەڵ، ... .

٥٧_ شارا لە هەموو قوتابیەکانی تر چالاکترە.

٤٢) پەیوەندی: دوژمن، دۆست، ... .

٥٨_ هەزار دۆستت هەبێ، نەك دوژمنێکی وەك تۆ.

٥٩_ ئەمریکا وڵاتێکی دۆستە.

٤٣) پەسندی: پەسند، ناپەسند، خۆشەویست، ... .

٦٠_ تۆ کارێکی پەسندت کرد.

٦١_ لەگەڵ کۆنە دۆستێکی خۆشەویست دانیشتبووین.

**٥- ١٠. ئاوەڵناوی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی:**

ئەم ئاوەڵناوانەش بەگشتی پەیوەستن بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە. وەك:

٤٤) کۆمەڵایەتی: هەژار، دەوڵەمەند، کرێکار،... .

٦٢_ نەهێڵن چیدی زۆردارن ماڵی هەژاران بخۆن.

٦٣_ پیاوی دەوڵەمەند بەڕوخسارییەوە دیارە.

٤٥) دەزگایی: تایبەتی، حکومی، دیموکراتی، ... .

٦٤_ ئۆتۆمبێلی حکومی بۆ کاروباری کەسی بەکارمەهێنە!

٦٥_ کوردستان سیستەمێکی نیمچە دیموکڕاسی هەیە.

٤٦) ئاینی: موسڵمان، ئێزیدی، مەسیحی، باوەڕدار، ... .

٦٦_ ئێمە نەتەوەیەکی موسڵمانین.

٦٧_ ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەنن.

**٥- ١١. ئاوەڵناوی چەندێتی:**

ئەم پۆلەش ئەو ئاوەڵناوانە لەخۆ دەگرێ، کە گوزارشت لە چەمکی (ڕادە یا چەندێتی) دەکات. وەك:

٤٧) ژمارە: یەك، جووت، سێ چارێك، پێنجیەك، ... .

٦٨_ پێنجیەکی ئەم زەوییە هی منە.

٤٨) چەندێتی: کەم، زۆر، ... .

٦٩_ مووچەکەی من لەهی تۆ کەمترە.

٤٩) تێچوون: گران، هەرزان.

٧٠_ کاڵای چینی هەرزانە.

٥٠) دەستکەوت: بەرهەمدار، بێبەرهەم، ... .

٧١_ باخێکی بێبەرهەمە.

**٥- ١٢. ئاوەڵناوی پەیوەندیی:**

ئەم پۆلە؛ ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە پەیوەندییەکانی مرۆڤ و کاروبارەکانی هەر تاکێك بە دەوروبەری خۆیەوە. ئەم پۆلەش زۆرترین لق لەخۆ دەگرێت. وەك:

٥١) جێبەجێ کردن: جێبەجێکار، ڕێپێدراو، ڕێتێچوو، ... .

٧٢_ ئەم ڕستانە لە کوردیدا ڕێپێدراون.

٧٣_ کام کۆمپانیا جێبەجێکاری ئەم پرۆژەیەیە؟

٥٢) جەخت لەسەر کردنەوە(پێداگری): جەخت لەسەر کراوە، ناجێگیر، نهێنی، ... .

٧٤_ نوسراوە نهێنییەکەم بەدەست گەیشت.

٥٣) پێویستی: پێویست، ڕواڵەتی، گرنگ، بێبایەخ، ... .

٧٥_ بڕیارەکانت بۆ داهاتوی ئێمە پێویستە.

٥٤) کارایی: کارا، ناکاریگەر، کاریگەر، ... .

٧٦_ پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندییەکی کارایە.
٥٥) بەکاربەری وزە: ئاسان، گران، ئاڵۆز، ... .
٧٧_ ئەم کارە گرانە.
٧٨_ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە ئاسانە.
٥٦) کارکردن: ساغ، لەکارکەوتوو، ... .
٧٩_ ئوتۆمبێلەکەم لەکارکەتووە.
٥٧) ئاسایش: ترسناك، ئارام، ... .
٨٠_ ڕەوشی ئێستای شاری هەولێر ئارامە.
٨١- شوێنێکی ترسناکە.
٥٨) جیاکاری: جۆراوجۆر، یەکجۆری، ... .
٨٢_ هەرێم پەیوەندیی جۆراجۆری لەگەڵ وڵاتاندا هەیە.
٥٩) ڕێکخستن: ڕێکخراو، گونجاو، ناڕێکخراو، ... .
٨٣_ کاری ڕێکخراو سەردەکەوێ.
٨٤_ خواردنی گونجاو بۆ نەخۆشەکان ئامادەبکەن!
٦٠) گەیاندن: لکێنراو، نەلکێنراو، ... .
٨٥_ سەری پلاکەکان بەیەکترەوە نەلکێنراون.
٦١) یەکسانی: یەکسان، نایەکسان، ... .
٨٦_ ژن و پیاو لەکۆمەڵگای کوردیدا لە ئەرك و مافدا یەکسانن.
٦٢) بەراورد: لەوچوو، جیاواز، ... .
٨٧_ من جیاوازم.
٦٣) وردی: ورد، کەمتەرخەم، ... .
٨٨_ هەرێمی کوردستان کەمتەرخەم نەبوو، لەیارمەتیدانی برایانی لە ڕۆژئاوای کوردستان.
٦٤) تەواوکاری: هەموو، تەواو، ناتەواو، ... .
٨٩_ هەموو قسەکانت تەواون.
٦٥) تایبەتمەندی: بەتاڵ،ڕووت، ... .
٩٠_ بیرکردنەوەی تۆ بیرکردنەوەیەکی ڕووتە.
٦٦) ئاماژەیی: ناوبراو، ناڕاستەوخۆ، ... .
٩١_ دەبێ کەسی ناوبراو ئامادەبێ.
٦٧) سوودبەخشین: سوودبەخش، ژەهراوی، زیانبەخش، ... .
٩٢_ ئەمە ماددەیەکی زیانبەخشە.

**٥- ١٣. ئاوەڵناوی تێپەڕاندن:**

ئەو جۆرە ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە کە چەمکی جیاکردنەوە و هەڵسەنگاندن و لادان لەخۆدەگرن.وەك:
٦٨) ناساندن: گەورە، مەزن، زەبەلاح، ... .
٩٣_ ئەمریکا وڵاتێکی زەبەلاحە.

٦٩) هەڵسەنگاندن: باش، خراپ، ... .

٩٤_ خراپترین کەس ئەو کەسەیە کە دایك و باوکی لەبیربکات.

٧٠) لادان لە پێوەرەکان: نامۆ، تایبەت، ... .

٩٥_ بیری توندڕەوی لەناو کورداندا بیرێکی نامۆیە.

بەم شێوەیە دەتوانین هەموو ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی لە ڕووی واتاوە بەپێی بۆچوونی (سیپلیت و هۆندس نورشە) پۆلبکەین، هیچ ئاوەڵناوێکی زمانی کوردی نەبوو، کە نەچێتە ژێر باری ئەم پۆلینکردنەوە.

## ٦. ئەنجام:

١- بە پێی بۆچوونەکەی (یۆخین سیپلیت و هۆندس نورشە) ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی پۆلین دەکرێت، بۆ؛(١٣) جۆری سەرەکی و (٧٠) جۆری لاوەکییەوە.

٢- پۆلی ئاوەڵناوی پەیوەندییەکان زۆرترین لقی لاوەکی ئاوەڵناوەکان لەخۆ دەگرێت، هەرچی پۆلی ئاوەڵناوەکانی (کاتی- شوێنی)یە ئەوا تەنیا یەك لق لەخۆ دەگرێت.

٣- پۆلینە واتاییەکەی ئەم دوو زمانەوانە گونجاوە بۆ پۆلینکردنی ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی و هیچ ئاوەڵناوێکمان نەدۆزیوەتەوە، کە نەچێتە چوارچێوەی ئەم پۆلینەوە.

٤- هەندێك ئاوەڵناومان هەیە لە زمانی کوردیدا دەچنە ناو چەند پۆلێك لەم پۆلینەکردنەدا.وەك ئاوەڵناوەکانی: ( بەرز،نزم،سارد،گەرم...هتد). ئەمەش بۆ فرە واتایی و هاوبێژیی ئەم ئاوەڵناوانە دەگەڕێتەوە.

## ٧. پێشنیاز:

- بەمەبەستی ئامادەکردنی تۆڕێکی فەرهەنگی بۆ زمانی کوردی پێشنیازدەکەین کە بەشەکانی تری ئاخاوتنی وەکو ناو، کار و ئاوەڵکاریش لەڕووی واتاوە پۆلین بکرێن.

**سەرچاوەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:**


١- ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٩٢)، رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی سێیەم، بەغداد.

٢- تۆفیق وەهبی(١٩٢٩)، دەستوری زمانی کوردی، بەغداد.

٣- زەرێ یوسوپۆڤا(٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، و: کوردستان موکریانی، هەولێر.

٤- صادق بەهائەدین(١٩٧٦)، رێزمانا کرمانجی، بەغداد.

٥- محەمەد مەعرووف فەتاح(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر.

٦- محمد عبدالفتاح حمه سعيد(٢٠١٤)، ئاوەڵناوی کوردیی لە نێوان تیۆری و تایبەتمەندییەکانیدا،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە(٤٤)، سلێمانی.

٧- نووری عەلی ئەمین(١٩٦٠)، رێزمانی کوردی، سلێمانی.


**ب - بە زمانی فارسی:**


٨- عاصی مصطفی، رضاقلی فامیان علی، آقاجانی داریوش(١٣٨٥/ ٢٠٠٦ز)، به سوی طراحی شبکهء واژگانی صفات زبان فارسی،زبان و زبان شناسی،دوره ٢، شماره ٢.


**پ – بە زمانی ئینگلیزی :**


٩- R.M.W.Dixon,(٢٠٠٥) A Semantic Approach to English Grammar, Second Edition OXFORD university press.


**ت- بە زمانی فەرەنسی:**


١٠- Grevisse, M. (١٩٦٩). Le bon usage . Paris: Hatier, Gembloux.


**د- بە زمانی ئەڵمانی:**


١١- Franz Hundsnurscher, Jochen Splett(١٩٨٢):Semantik der Adjekive des Deutschen:Analyes der semantischen Relationen:Westdeuscher Verlag.

**پوختە**

ئەم توێژینەوە کە بە ناونیشانی ( پۆلینکردنی ئاوەڵناو بە پێی بۆچوونی یۆخین سپلیت و هۆندس نۆرشە لە زمانی کوردیدا) یە، هەوڵدەدات پۆلینکردنێکی واتایی گشتگیر بۆ ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی بکات بە مەبەستی ئامادەکردنی تۆرێکی فەرهەنگی بۆ ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی، کە دەتوانرێت لە وەرگێڕانی ڕاستەخۆ ( الترجمة الفورية ) بە هۆی کۆمپیوتەرەوە سوودی لێ وەربگیرێت.

**الملخص**

هذا البحث الموسوم ب (تصنيف الصفة حسب رأي يوخين سيبليت و هوندس نورشة في اللغة الكوردية) و الذي يحاول تصنيف دلالي دقيق و شامل للصفات في اللغة الكوردية و ذلك بغرض إعداد الشبكة المعجمية لصفات تلك اللغة و التي يمكن الأستفادة منها في الترجمة الفورية بالحاسوب .

Abstrat

This paper entitled ‘ classification of adjectives according to the viewpoint of Jochen Spllet and Hundsnurscher in Kurdish language’ is an attempt to provide a comprehensive semantic classification of adjectives in Kurdish to prepare a word net of adjectives in Kurdish to be used in instant translation through computer.